سودانی بۆ ماکرۆن: بکەرانی ئەو هەرشەی نزیك هەوڵدەستگیرکراون کە ئەفسەرە فەرەنسییەکەی تیادا کوژرا

محەمەد شیاع سودانی، سەرۆك وەزیرانی عێراق لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ ئیمانوێل ماکرۆن، رایگەیاند، بکەرانی ئەو هەرشەی نزیك هەولێر دەستگیرکراون کە ئەفسەرە فەرەنسییەکەی تیادا کوژرا.

بەپێی راگەیەندراوکی نوسینگەکەی، ئەمڕۆ چوارشەممە، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆك وەزیرانی عێراق پێیوندییکی تەلەفۆنی لە ئیمانوێل ماکرۆن، سەرکی فەرنساوە پێگەیشت، تیادا باسیان لە دۆخی گشتی ناوچەکە و پێشهاتەکانی ئەم دواییە و هەوڵەکان بۆ کۆتاییهێنان بە ململانێکان کردووە.

سەرکوەزیرانی عێراق جەختی لە پابەندبوونی حکومەت بە پاراستنی پێیوندییە دووقۆییەکان و پتەوکردنی هاوکارییەکانی نێوان عێراق و فەرنسا کردەوە.

سودانی تیشکی خستووەتە سەر هەوڵی هێزە ئەمنییەکانی عێراق و سەرکەوتنەکانیان لە دەستگیرکردنی ئەو

کەسانێی دەستیان هەبووە لە هێرشکی فڕۆکەی بەفڕۆکەوان کە شوێنکی نزیک هەولێری کردە ئامانج و ئێندامانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعشی لێبون و لە ئێنجامدا ئیفسەرکی فڕێنسی گیانی لەدەستدا. ئاماژێی بۆشکرد، ئەم جێخت لەسەر پابەندبونی حکومەت دەکاتەوە بە بەهێزکردنی جەبەجێکردنی یاسا لە سەرتاسەری عێراقدا.